# ساڵیادی هەڵەبجە: کوژراوێك و 11 بریندار



بەر لەهاتنی هەژدەمین ساڵیادی مەرگەساتی هەڵەبجە، ژمارەیەك لەگەنجو لاوانی شارەکە بڕیاریان دابوو لەبەر ئەوەی حکومەت وەکو پێویست ئاوڕی لەو شارە نەداوەتەوەو لەخزمەتگوزاریەکان بێبەشە، ئیدی ڕێگە نەدەن بەرپرسانی حکومی پێ بنێنە شارەکەوە. ئاسایشو پۆلیسی شارەکە لەو بەرنامەیە ئاگاداركرابوونەوە، بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو بەرنامەیە، ڕۆژێك بەر لەساڵیادی مەرگەساتی هەڵەبجە هێزێکی گەورە ڕەوانەی شارەکەکرابوو. ڕۆژی 16–3–2006 لەپێوەندی ساڵیادی مەرگەساتی هەڵەبجەدا خەڵکی شارەکە ڕێپێوانێکی هێمنانەیان سازکردو داوایان کرد کە نابێ بەرپرسانی حکومی سەردانی مۆنمێنتی شەهیدان بکەنو ڕێورەسمی یادکردنەوە بەڕێوەببەن. هێزەکانی ئاسایش بۆ بڵاوەپێکردنی ڕێپێوانەکە سەرەتا تەقەی هەواییان کرد، دواتر هەوڵیاندا هەواڵنێرو پەیامنێرانی کەناڵەکانی ڕاگەیاند لەشوێنەکە دوور بخەنەوە، دواتر تێکهەڵچوون لەنێوان خەڵکەکەو هێزەکانی ئاسایش ڕوویدا. سەرەنجام خەڵکی نارازیی چوونە ناو مۆنمێنتی هەڵەبجەو دەستیان بەسەر داگرت. بەمەش شەڕو تێکهەڵچوون گەورەتر بوو. خەڵك بەدارو بەرد هێرشیان کردە سەر هێزە چەکدارەکان، ئەوانیش بەگوللە وەڵامیان دانەوە، لەئاکامدا کەسێك بەناوی (کوردە ئەحمەد سەعید) کوژراو 10 کەسی دیکەش بریندار بوون، برینی دوو لەوان سەخت بوو، دەستبەجێ لەنەخۆشخانەی عەنەب نەشتەرگەرییان بۆ کرا.

## تورکیا گازی ژەهراوی دژ بە کورد بەکاردەهێنێ

سەرچاوەکانی هەواڵی تورکیا ئاشکرایان کرد کە سوپای تورکیا لەشەڕەکانی دوایی خۆیدا لەگەڵ هێزەکانی پاراستنی گەل (گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان) گازی ژەهراوی بەکارهێناوە.. بەگوێرەی ئاژانسی هەواڵی ئیسنا، سوپای تورك لەشەڕێکدا کە لەگەڵ گەریلاکاندا لەناوچەی دارگچیتی سەر بە پارێزگاری ماردین ڕوویدابوو. گازی ژەهراوی بەکار هێناوە. هەر لەم پێوەندییەدا فەرماندارى هێزی پاراستنی گەل لەبەیاننامەیەکدا ئاماژەی بە بەکارهێنانی ئەو چەکە کردووەو دیاری کردووە کە شوێنەواری گازی ژەهراوی بەسەر جەستەی گەریلا شەهیدەکانەوە بینراوە. ئەوەی شیاوی باسە ئەمە چەندین جارە کە گەریلاکان باس لەبەکارهێنانی ئەو چەکە دەکەن، بەڵام وڵاتانی بڕیاردەری جیهان بە تایبەتیش ئەمریکاو وڵاتانی ئەورووپا کە هاوپەیمانی حکومەتی تورکیان لەبەرانبەر ئەو هاوارە خۆیان بێدەنگ دەکەن. ساڵی ڕابردوو لەچەندین شوێنی باکوری کوردستان گۆڕی بە کۆمەڵ دۆزرانەوەو گەواهی ئەوەیان دا کە سوپای تورك شەڕی جینۆسایدی دژ بە کورد بەڕێوەبردووە

## مەهاباد: ماشێنێك دەتەقێتەوە

هەواڵەکان: ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 15–3–2006 لەشەقامی حافزی شاری مەهاباددا ماشێنێکی جۆری پراید تەقییەوە، لە ئاکامدا 3 کەس بریندار بوون، پاشان بریندارەکان ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاری مەهاباد کران. دوای ئەم ڕووداوە هێزەکانی پۆلیس گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکەو دەتسیان بەلێکۆڵینەوە کرد. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە هۆکاری تەقینەوەکە ڕوون نەبۆتەوە، بەڵام ماوەیەکە تەقینەوە لەشارەکانی ئێران بەتایبەتی لەشارەکانی هەرێمی خوزستان دەستی پێکردووە.

## کرمانشان: ماڵێك ئاگری تێبەربوو

هەواڵەکان: ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 15–3–2006 لەماڵێکدا کە دەکەوێتە سەر شەقامی شەباب، تەقینەوەیەك ڕویدا، لەئاکامی تەقینەوەکەدا خانووەکە ئاگری تێبەربوو، هەروەها پیرەژنێك بەناوی (شەهبانۆ جانشرا) دەسووتێو گیانی لەدەست دا. دراوسێکانی ئەو ماڵە باس لەدەنگی تەقینەوەیەکی گەورە دەکەن، بەڵام پۆلیس ئەو ڕووداوە بەکارەساتێکی ئاسایی وەردەگرێو پێیوایە تەقینەوەکە لەئاکامی گاز بەربوونەوە بووە. تەرمی ژنە سووتاوەکە ڕەوانەی پزیشکی یاسایی کرا، بەڵام هۆکاری تەقینەوەکە باسی لێوەنەکرا.

# دوای چالاکی، پەکەکە داوای بووردن دەکات



ڕۆژی 2006/3/9 گەریلایێك لەشاری واندا چالاکیەکی خۆ کوژی ئەنجامدا، بەهۆی ئەو چالاکیەوە 3 کەسی سڤیل کوژرانو 19 ی دیکەش برینداربوون. ئەم ڕووداوە خەڵکی ناوچەکەی دووچاری نیگەرانیو سەرسوڕمان کرد. دەوڵەتی تورك ئەم چالاکیەی وەك بەڵگەیەك بۆ بەدناوکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان بەکارهێنا. سەرەتا پارتی کرێکارانی کوردستان لەراگەیاندنێکدا بێبەری خۆی لەو چالاکیە ڕاگەیاند، بەڵام دواتر ئاشکرا بوو (دەڤریم سۆلدوك)، یەکێ لەگەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان ئەو چالاکیەی ئەنجامداوە. بۆیە ڕۆژی 2006/3/12 ناوەندی بڕیاردەری هێزی پاراستنی گەل (باڵی سەربازی پەکەکە) لەڕوونکردنەوەیەکدا دیاری کرد کە ئەو گەریلایە بەبێ ئاگاداری ئەوان ئەو چالاکیەی ئەنجام داوەو لەنامەیەکدا کە لەدوای خۆی بەجێیهێشتووە ئاماژەی بەوەداوە کە دەیەوێ بەبڕیاری خۆیەوە بۆ شەرمەزارکردنی ئەو گوشارانەی کە دەوڵەت دژی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەڕێوەی دەبات، چالاکیەکی خۆکوژی ئەنجام بدات، بەڵام وا دیارە ناوبراو نەگەیشتۆتە ئارمانجی خۆیو ئەو کارەساتە ڕوویداوە. هەر بەم بۆنەیەوە ناوەندی بڕیاردەری هێزی پاراستنی گەل داوای بووردنی لەخەڵکی وان خواستووەو پرسەو سەرەخۆشیشی بۆ بنەماڵەی گەریلا خۆکوژەکە ناردووە.

# 31 پەنابەری کورد چارەنووسیان نادیارە

200 پەنابەری کوردی ڕۆژهەڵات لەتورکیە بۆ دەربڕینی دەنگی نارەزایەتی خۆیان لەبەر دەرکی کۆمیسارییای پەنابەران ڕۆژی 16–3–2006 لەئانکارا دا کۆبوونەوەو داوای چارەسەری کێشەکەیان کرد. لەئاکامدا ڕووبەڕووی هێرشی پۆلیس بوونەوەو دارکاری کران. هەر لەو خۆپێشاندانەدا نزیکەی 140 کەس گیرانو بۆ بنکەکانی ئەمنیەتو پۆلیسی ئانکارا ڕاگوێزران، ئێوارەی هەمان ڕۆژ لەژێرچاودێری پۆلیس دا بۆ شارەکانیان گێڕدرانەوە. 53 پەنابەر کە 11 دانیشتووی شاری کارەمانو 31ی دیکەش کە دانیشتووی شاری کۆنیا بوون، پاش گەیشتنەوەیان لەلایەن پۆلیسەوە ڕەوانەی زیندان کران. ئەوەی شیاوی باسە پۆلیسی کۆنیا پاش ئەوەی ئیمزای بە 31 پەنابەرەکەی دانیشتووی شارەکە کرد، هەموویان بەرەو شوێنێکی نادیار ڕەوانە کردنو هەڕەشەی دیپۆرت کردنەوەیان لێدەك

## هەواڵی سەیر

* چەند مامۆستایەك لەپەروەردەی چەمچەماڵ دەفتەری خزمەتی عەسکەرییەکانیان هێنابوو فۆرمیان پڕکردەوە بۆ ئەوەی ئەو چەند ساڵە خزمەتی کەلە قادسیەی سەدام دا هەیانبووە بیخەنە سەر خزمەتی مامۆستاییەکەیان. سەیرەکە لەوەدایە ئەوانەی لەشەری عێراق و ئێران هەڵاتبوون شمول ناکات، چونکە بەحسابی جاران ئەوانە ترسنۆك بوونە. بڕیارێکی سەیرە مامۆستا (7 ساڵ) پێشمەرگەبووە لەدوای ڕاپەڕینو هیچ خیانەتێکی نییە کەس هەر حیسبابی بۆناکات.

* نووسراوێکی ڕەسمی سەرکردایەتی پارتێك درا بەقایمقامی قەزایەك بۆ کارتی بەنزینی (یەك ئۆتۆمبیل) پشت گوێی خست، بەڵام بەناوی کۆمەڵایەتیەوە کارتیان بۆ خاوەن چێشتخانەیەك کرد.

* پیاوێك ووتی: گوێم لێبوو خاوەن تەنکەرێکی (فلان) بەنزینخانە بەشۆفێرێکی نزیك ماڵمانی گووت: هەرجارێ بەنزینم هێنا تەنها (یەك سەعات) ئیشم بۆ بکە، بە سەیارەکەت (2 وەرەقە) وەربگرە، بەڵام ئەگەر گیرای هەقم نییە. ئەوە هێن ئەوەیە بەنزین لەبەنزینخانەکان کەمەو لەسەر جادە زۆرە.

* بەڕاستی ئەمجارەیان ژمێریاری بەرێوەبەرێتی چەمچەماڵ گورج هاتە دەست نیوەی دەرماڵەی مامۆستایانی لەجیاتی پشووی نیوەی ساڵ بڕی، دەرماڵەیەك کە دوای چەندەها مانگ مشتومڕ ئینجا بەسترا، بەڵام بەبێ ئەوەی لەهیچ شوێنێکی دیکەی کوردستان بڕابێت یەکسەر لەوێ بڕا. زۆر سەیرە لەوەتەی مامۆستا مووچەی هەیەو وانە دەڵێتەوە قەتاوقەت نەبڕاوە. ئەی ئەمە چییە؟..

*مامۆستایانی ناحیەی شۆڕش بەپێی شمول کردنیان بەخاڵ زەویان بۆ دابین کراوەو ئەوە ساڵێك زیاترە ئەمڕۆ نا بەیانیان پێ دەکەن، کەچی تازە بەتازە ناوی هەندێك ئاشکرا دەکەن، گوایە ئەم لەزەڕایەنەو ئەو لەعەربەتە... هتد زەوی بەناویانەوەیە، تا خۆیان ساغ نەکەنەوە لیستەکە ڕادەگرن.

* کچێکی بەتەمەن لەناحیەی شۆڕش لەخۆراك وەرگتن دەگرێتەوە، شۆفێرێکی بێ ویژدان لێی داوە، بۆ شاردنەوەی تەرمە نیوە مردووەکەی بردووە لەدەشتێك فڕێی داوە، دوای دۆزینەوەو پشکنینی دکتۆر، دەڵێن لەدوای لێدانەکە (12) سەعات ماوە ئینجا مردووە.

# هەواڵ

## لاوێك دەکوژرێ

* ڕۆژی 2006/3/7 چەند لاوێکی ناوچەی هەریر بەمەبەستی گەشت و سەیران دەچنە دۆڵی هیران،دوای گەڕانەوەیان کێشە لەنێوان دوو کەسیان پەیدا دەبێت، لاوێکیان بەدەمانچە پەلاماری سێودین دەداتو دەیکوژێت، لەدواییدا ڕادەکاتو ئەوانیتر لەژێر چاودێری پۆلیسی هەریر دان، جێگای باسە پێشتر کێشەی ئافرەتیان هەبووە.

## کەسێك گیانی لەدەستدا

*ڕۆژی 2006/3/9 لەکۆمەڵگای باسرمەی سەر بەناحیەی هەریر، بەهۆی ڕەشەبایەك وڵاتیەکی هەژار بەناوی (زوهێر باقی) کە پاسەوانی دارستان بوو خۆی دەداتە کەنار دیوارێك، بەڵام دیوارەکە بەسەریدا دەڕووخێتو دوای سێ ڕۆژ لەنەخۆشخانەی هەریر گیان لەدەست دەدا.

## تەقە لەماڵێك دەکرێ

*ڕۆژی ٩-٣-٢٠٠٦ لەگوندی عیسا بەگیانی ، لەچەمی ڕێزان چەند چەکدارێکی نەناسراو تەقە لەماڵی خەلیل مستەفا کە پ.م دێرینی سەر بەیەکێتیە دەکەن و زامداری دەکەن، بەڵام چەکدارەکان نەناسراون و هۆ کاری تەقە کردنە کەش نە زانراوە .

## بارەگایێك بە 7 دەفتەر دۆلار

* لەچوارچێوەی پرۆسەی ئاشتی نێوان یەکێتیو پارتی ڕێککەوتن لەسەر کردنەوەی بارەگای ڕێکخستن لەسنووری هەردوولا، یەکێتی بۆ کردنەوەی بارەگای حزبی لەناحیەی هیران خانووێکی بەبڕی 7 دەفتەر دۆلار کڕیوەو بەڵێننامە (تعاهود) ی بەخاوەنی خانووەکە کردووە لەدادگا بۆ ئەوەی پەشیمان نەبێتەوە، بەڵام لەبەرامبەردا پارتی هەڕەشەی لێکردووە لێکۆڵینەوەیان لەدگەڵ ئەنجامداوە و لەهەوڵی ئەوەدان پەشیمانی بکەنەوە.

## دوودز دەستگیرکران

*ڕۆژی 2006/3/8 دووکەس کە خەڵکی گوندی باوزێی سەر بە قەڵادزێ بوون ، سەیارەیەکی جۆری لاندکرۆز دەدزن و بەرەو هەولێر دەبەن . بۆ ڕۆژی دواتر لەبازگەی کەسنەزان گومانیان لێدەکرێو دەستگیرکرێن .

## دزیکردن لەرانیە زۆر بووە

* ڕۆژی 2006 /3/10 لەماڵی وڵاتیەکی نزیك مزگەوتی سەید قادر لەرانیە بڕی 45 هەزار دیناری چاپو جیهازێکی میدیا تیلکۆمو کۆمپیتەرێك دەدزرێ خۆشبەختانە ڕۆژی دوای دزەکە دەستگیر دەکرێ، لەلایەن ئاسایشی ڕانیە. شیاوی باسە ماوەیەکە دیاردەی دزی سەری هەڵداوەتەوە. لەرانیەو دەوروبەری، بەزۆری بوتڵی غاز لەماڵان دەدزرێ.

## ڤیستیڤاڵی مەسیفی سازکرا

*لەڤیستیڤاڵی شاعیری کۆچکردوو ئەنوەر مەسیفی لەڕۆژی 2006/3/11 لەپیرمام بەسەرپەرشتی وەزیری ڕۆشنبیری سامی شۆرش سازکرا کەسوکاری خانەوادەکەی ئەنوەر مەسیفی جگە لەخەڵكو لایەنو هەوادارانی پارتی ، خەڵکێکی زۆر دەعوەت دەکەن ، بەڵام ناوچەی پارتی لەپیرمام گرفتو ڕێگری لەهاتنی ئەوانە دەکەن ، کە بەخواستی ئەوان نییەو ڕێگا نادەن ووتارو بروسکەیان بخوێندرێتەوە. شیاوی ووتنە بنەماڵەی ئەنوەر مەسیفی بەشێکی بەرچاویان پارتی نینو لەم ڤیستیڤاڵە نارەحەت دەبن.

## هەڕەشە لە بە مەسیحی بوون دەکرێ

*مامۆستای ئایینی (م. ئەحمەد عەبدوڵڵا) لەدەڤەری پشدەر هەڕەشەی لەئەوکەسانە کرد کە دەبنە مەسیحی، بەمورتدی لە قەڵەم دانو گووتی: ئەمریکا بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی ئەم کەسانە دروست دەکا ، ئایینی مەسیحیو کردنەوەی کلیسا لەپشدەر بەزەرەری کوردایەتی تەواودەبێ. ڕایگەیاند کە ڕووبەڕووی لێدانو زەبری موسلمانی مولتەزیم دەبنەوەو ئەم حاڵەتە قبوڵ ناکرێ.

## ڕێپێوانێك لە رانیە سازکرا

کاتژێمر 9:30 ڕۆژی 2006/3/15 خوێندکارو قوتابیانی پەیمانگای مامۆستایانی رانیە ڕێپێوانێکیان بۆ بەردەم قایمقامیەتی رانیە سازکرد، بەمەبەستی دابین کردنی داواکارییەکانیان لەزیادکردنای دەرماڵەو دابین کردنی بینایەکی شیاو بۆ پەیمانگاو دانانی مامۆستای پسپۆرو بەتوانا، بۆ چارەسەری کێشەی ئاو بۆ بەشەناوخۆیەکان، شیاوی باسە قایمقام ئامادەنەبوو پێشوازیان لێ بکاتو بەڕێوەبەری پۆلیس قسەی لەگەڵ کردنو قوتابیان بڕیاریاندا تا ئەم داواکاریانە چارەسەر نەکرێن واز نەهێنن.

## تەرمێك دۆزرایەوە

ڕۆژی 14–3–2006 لەگەڕەکی شۆڕشی شاری هەولێردا، یەکێ لەدراوسێکانی (غ.م)ی تەمەن 65 ساڵ هەست بەبێ هەواڵی ناوبراو دەکات، گومانی لا دروست دەبێو دراوسێکانی دیکەی ئاگادار دەکاتەوە. ئەوانیش بنکەی پۆلیس ئاگادار دەکەنەوە، کاتێ پۆلیس دێو ماڵەکەی دەپشکنێ، تەرمی ناوبراو دەدۆزێتەوە. هەرچەندە شوێنەواری ئازارو ئەشکەنجەو گوللە بەتەرمەکەیەوە دیار نەبووەو گومانی کوشتنی لێ نەکراوە، بەڵام چونکە ماوەیەك لەمەوبەر هەر لەو گەڕەکەدا ژنو مێردێك لەنێو ماڵەکەی خۆیاندا کوژرابوون، بە بڕیاری پۆلیس تەرمەکە بۆ پشکنین ڕەوانەی پزیشکی دادوەری کرا.

## گە نجێك دەکوژرێ

ڕۆژی 8–3–2006 لەناوچەی هیران لەسەر کڕینو فرۆشتنی ئۆتۆمۆبیلێك مشتومڕ لەنێوان کڕیارو فرۆشیار دروست دەبێ، دواتر شێوەیەکی توندوتیژی وەردەگرێو بەرەو شەڕ دەڕوات، سەرئەنجام یەکێکیان دەست بۆ چەك دەباتو چەند گوللەیەك لەبەرانبەرەکەی دەدات کە گەنجێکی تەمەن 23 ساڵانە بوو. دواتر لەرێگەی پۆلیسی قەزای شەقڵاوەوە تەرمەکە بەرەو نەخۆشخانەی هەولێر ڕەوانە دەکرێ. بەگوێرەی زانیاریەکان بکوژەکە هەڵاتووەو خۆی شاردۆتەوەو بەبڕیاری دادوەر فەرمانی گیرانی بۆ دەرچووە.